سەید حەکیم ستایشی سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکان دەکات و دووپاتی دەکاتەوە گە عێراق ئەرێنییەکان کەڵەکە دەکات و ئامادەیی هەرێمی و نێودەوڵەتی خۆی پتەوتر دەکات

بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی ل□ نووسینگەی خۆی پێشوازی لە شاندێکی ئەنجومەنی ئەتلانتی بۆ توێژینەوەی ستراتیژی کرد و لەم دیدارە بیروبۆچوون ئالۆگۆر کرا و بەتایبەتی پاش ئەوەی عێراق توانی بە سەرکەوتوویی هەڵبژاردن ڕێکبخات و ڕێڕەوی دیموکراسیە تیش لە ولات پتەوتر بکات.

سەماحەتی حەکیم ستایشی ئەو ئەرکە گەورانەی کرد کە حکومەت و کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان و دەزگا ئەمنییەکان و میدیاکان و تۆڕەکانی چاودێری نێوخۆیی و نێودەوڵەتی بۆ گرەنتی کردنی ڕێڕەوی هەڵبژاردنەکان و سەرخستنی بەشەفافیەتەوە ئەنجامدرا،
سەماحەتی ڕوونیکردەوە کە گرنگە بەڵێنەکانی هەڵبژاردن بۆ بەرنامەی کار بگۆڕین و بۆ ئەوەی خواستی گەلی عێراق بەدی بهێنین، جەختیشی کردەوە کە گرنگە حکومەتێکی بەهێز هەبێت کە کاریگەر بێت بۆ ئەوەی لە ئاستی پێداویستی هاوڵاتیان بێت.
بەڕێزیان ئاماژەی کرد کە بهای ئەو ڕێژە بەرزەی بەشدارکردنەکە لە هەڵبژاردنەکان تیشك دانەوەیە بۆ ئەوەی عێراقییەکان داستەلات بە ئاشتیانە ئال□وگۆڕ دەکەن و ڕێڕەوی دیموکراسیان هەڵبژاردوە وەك بژاردەیەك بۆ ئیدارەی دەوڵەت.

لەکۆتاییدا سەماحەتی حەکیم گوتی عێراق ئەرێنییەکان کەڵەکە دەکات و دەیەوێت پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەری عەرەبی پتەوتر بکات، ئەوەش زەمانەتە بۆ بەرژەوەندی گەل و پاراستنی سەروەری و پتەوکردن رۆڵی ئەرێنی لەهەموو ناوچەکەدا.